عێراق وتورکیا جەخت لە گرنگی پشتیوانی سەقامگیری سیاسی و پتەوکردنی هاریکاری هەرێمایەتی دەکەنەوە



ئەمڕۆ شەممە فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی و هاکان فیدان هاوتا تورکەکەی، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا جەختیان لە گرنگی پشتیوانیکردن لە سەقامگیری سیاسی و پتەوکردنی هاوکارییەکانی هەرێمی کردەوە.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی عێراق کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، ئاماژە بۆ کراوە : کە فوئاد حسێن جەگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە لە میانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، پەیوەندییە دوو قۆناغەکان و هەنگاکانی پەرەپێدانیان لە بواری جیاجیاکاندا تاوتوێ کردووە.

ئاماژە بۆشکراوە : لە پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەدا باس لە دۆخی ناوچەکە کراوە، بەتایبەتی گرژییە بەردەوامەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و کاردانەوەکانیان لەسەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆ کراوە: کە وەزیری دەرەوە فوئاد حسێن لەگەڵ هاوتا تورکەکەی تاوتوێی سەردانی داهاتووی خۆی بۆ تاران کردووە.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا هاتووە : کە هەردوولا پێداچوونەوەیان بە پرسی سیاسی عێراق و دواین پێشهاتەکانی تایبەت بە پێکهێنانی حکومەتی عێراق کردووە، جەختیشیان لە گرنگی پاپشتیکردنی

سەقامگیری سیاسی و بەهێزکردنی هاوکارییە ناوچەییەکان بە شێوەیەك کردووە کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچەکە بکات.